# ستايشى ئازايەتى ئەردۆغان وحيزبەكەى

## وەڵام بە نووسينێكى كاك سەردار عبدلله

مەجيد دلْنيا

كاك سەردار عبدلله لە ژمارە (104)ى هەفتەنامەى هەواڵ و لە گۆشەى ئاسۆى هەواڵدا بابەتێكى بڵاوكردۆتەوە لەژێر سەردێڕى (كەماليزم بەسەر چووعەشيرەتبازى دەستپێدەكات).ئەوەى مايەى سەرنج وتێڕامانى منە ئەو ستايش و پياهەڵدانە سەيروسەمەرەيەيە ،كەبەسەر ئەردۆغان وحيزبەكەيدا هەڵى داوە.كاك سەردار دەڵێ :بۆ چەند جارێكيش ستايشى ئازايەتى سەركردايەتى حيزبى عەدالەتم كردووە وناشتوانم بيشارمەوە كە لەم سەردەمەدا سياسيى لێهاتووى وەكو ئەردۆگان سەركردەكانى ديكەى ئەو حيزبە نابينم ،زۆر جار ملهوڕيم كردووە وتومە ئەم حيزبەو سەركردايەتيە مێژوويى وئازاكەى دەيانەوێت كۆتايى بە تەمەنى كەماليزم بهێنن.....مەسئوليەتى ئەخلاقى ئێمەيە كە هاوكارو هاوپەيمانى ئەم حيزبەو هەموو حيزبێكى لەم چەشنە بين.....سەرەتاى ئەم مانگە لەتوركيا دەنگ لەسەر ڕاپۆرتێك دراوە كە تێكڕاى كيانى توركياو ناوچەكەش ژێراوژوور دەكات....ئەوەتا توركيا لەسايەى سەركردە لێهاتوو ئازاكانيەوە ئەوسنوورانەش تێكدەشكێنێ.

ئايا بەڕاست ئەردۆغان و حيزبەكەى شايستەى ئەو هەموو پياهەڵدانەن،باشە جياوازى عەقلێەتى سەرانى دادوگەشەپێدان لەگەڵ ئەوانيتر سەبارەت بەكێشەى كورد چيە!،ديارە ئەمە كرۆكى كێشەكەيە لاى من.باشە ئەمان لەتێڕوانينى واقيعيانەيان بۆ كێشەكانى ناوخۆى توركيا ئەم گۆڕانكاريانە دەكەن يان هۆكارى تر هەن.بۆ ئەم باسە دەچمە سەر دوو خاڵ1-فشارەكانى يەكێتى ئەورووپا ودەورو نەخشى لە گۆڕانكاريەكانى توركيا.2-پەرەپێدانى بيرى فاشيزمى توركى لەژێر پەردەى ئيسلامدا.

كاك سەردار باسى ئەوەى نەكردووە بۆچى ئەردۆغان و حيزبەكەى خەريكى ئەو گۆڕانكاريانەن،ئەوان خۆيان هەستيان بە خراپى ئەو ياسايانە كردووە كەزوڵمى لەنەتەوەكانى ناو توركيا كردووە وسەرچاوەى كێشەن بۆ توركيا وچيتر بەكەڵك نايەن وپێويستە بگۆڕدرێن يان پێان دەوترێت.ئەگەر بەرەنجامى هەستكردنى خۆيان بێت ،ئەو كات منيش دەست خۆشى لە كاك سەردارو ئەردۆغانيش دەكەم،بەڵام بەڕێزم واقيع پێچەوانەى ئەمەدەسەلمێنێت. ئەردۆغان وحيزبەكەى ئەگەر بۆيان بكرێ دەستكارى يەك قانون ناكەن وبەدەستيان بووايە دەمێك بوو بەو قانونە سەقەتانەوە بچونايەتە يەكێتيئەورووپاوە.گۆڕينى ئەوياساگەلە ودواترچەندين جاريتر كلك وگوێ كردنى ئەوياسايانەو دەنگدان لەسەرى لەپەرلەماناو دواتر خستنە بەر چاوى پەرلەمانى ئەورووپا و ڕەخنەگرتنيان لێى چ مانايەك دەبەخشێ كاكى برا.ئەوەت لەياد چوو سەبارەت بەياساى سزاكان كەتوركيا بڕيارى لێدابوو ،لەگەڵ پەرلەمانى ئەورووپا گرژى وئاڵۆزى كەوتە نێوانيان ،ئەمە واى كرد ڕۆژى 18-9-2004تێكڕاى ڕۆژنامەكانى توركيا قسەكەى ئەردۆغانيان بە مانشێت بڵاوكردەوە،

کەوتبووی (نابێ یەکێتی ئەوروپا دەست لەکاروباری نێوخۆی تورکیا وەربدات).ئەگەر گۆڕانکاریەك بۆ هەڵپەی چوونە ناو یەکێتی ئەورووپاو لەژێر هەڕەشەی ئەو یەکیەتیەدا بێت تا نەوەکو پاشگەزببنەوە،بەویژدانت ئەمە چ ئازایەتیەکی ئەردۆغان و حیزبەکەی تێدایە.ئاشکرایە ئەوگۆڕانکاریانە بۆ هەڵپەی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپایە،نەك گۆڕانکاری بەسەر عەقڵیەتی ئەردۆغان وحیزبەکەیدا هاتبێت.دواتر کێشە تەنیا گۆڕانی یاساکان نییە، بەڵکو لەوەگرینگتر گۆڕانە لە عەقڵی تاکی تورکدا سەبارەت بەکێشەکان ،سەدام وبەعس ڕووخان بەلاَم عەقلَیەتی بەعسیزم زۆرلەجاران زەقتر و توندترە.ئەوەشت لەیاد نەچێت ئەو گۆڕانکاریانە بەفشاری ئەمەریکاو دواتر ڕەزامەندی جەنەراڵەکانیشی لەسەرە،دەنا وەك جارانی پێشوو ئەوەی بەدڵیان نەبووبێت بەیەك نووکە پەنجە هێناویانەتە خوارێ.لەسەرکارلابردنی حکومەتەکەی ئەربەکان وپێشتریش لەناوبردنی تۆرکۆت ئۆزال لەبەر ئەوەی نەرمی لەگەلٚ پ.ك.ك دا نواند،گوایە دەرمان خواردیان کردووە باشترین بەڵگەن.ئەوە مەگەر ئەردۆغان وعبدللە گوڵە ئازاکە نین لەدووری هەزاران کیلۆ مەترەوە هەڕشە لەکورد دەکەن تا دیمۆگرافیای کەرکوك نەگۆڕن.ئەمە ئازایەتی ئەردۆغان وحیزبەکەیەتی !باشە ئەمانە سەدان وهەزاران یاساش بگۆڕن،کەخاوەنی هەمان عەقڵیەت بن چ سوودێکی هەیە !برای بەڕێز ئەمان پێش ئەوەی یاسا بگۆڕن ،پێویستە عەقڵیەتی خۆیان بگۆڕن،ئینجا با دەستکاری یاسا بکەن.

ڕاستە گەر کەمالیزم لە تورکیا توڕبدرێ کورد بەپلەی یەکەم قازانج دەکات،بۆخۆشم پێموایە کلیلی چارەسەری کێشەی کورد بەگشتی لە کوردستانی باکورەوە دەست پێدەکات.بۆیە هەر جۆرە گۆڕانکاریەك لە کوردستانی تورکیادا ڕووبدات دەورو نەخشی بۆ سەر پارچەکانیتریش دەبێت لە ئێستاوە دەوڵەتێکی ناسیۆنال عەرەبی وەکو سوریا بەوچاککاریانەی تورکیا نیگەرانە،چونکە دەزانێت کار وابڕوات سبەی ڕۆژ خۆشی دەرگیری هەمان کێشە دەبێت.ئەوەش ڕاستە کە ئیسلامیەکانی تورکیا دەیانەوێ کۆتایی بەتەمەنی ڕەشی کەمالیزم بهێنن ،بەلاَم چۆن و بۆچی!.

ئەردۆغان و حیزبەکەی کە دەیانەوێ کۆتایی بەتەمەنی کەمالیزم بهێنن لەبەر ئەوە نییە کەمالیزم ستەمی لە کوردو کەمینەکانیتر کردووە ،بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو یاسا عیلمانیانە سەروسیماکانی ئیسلامی لەدامودەزگا دەوڵەتیەکانی تورکیادا قەدەغە کردووە.دواتر ئەوان کەبە نیازن کەمالیزم هەڵوەشێننەوە ،بیرت نەچێت جارێکیتر دەیانەوێ لەژێر پەردەی هاو ئایین وبرایەتی و موسڵمانێتیدا درێژە بەتەمەنی شۆفێنێزمی تورکی بدەن وەك عوسمانیەکان کردیان.پێم وایە هەڵەین گەروابزانین بیری شۆفێنیزمی تورکی لە مستەفا کەمالەوە دەست پێدەکات،ڕامانێك لەمێژووی ڕەشی عوسمانیەکان و ناوچە بندەستەکانیان کەبەشێکی گەورەی کوردستانیش دەگرێتەوە،زۆری ناوی شاخ وگوندەکانی کوردستان کەئێستاش بەتورکین ،بەشێکە لەوهەڵمەتی بەتورککردنەی عوسمانیەکان پەیڕەویان کردووە.بۆیە دەکرێ بڵێین بیری شوفێنیزمی

توركی لەحوکمی مستەفا کەمالدا گەیشتە چڵەپۆپە.دیارە ئەتاتورکیش ئیلهامی لەئەزموونی پێش خۆی وەرگرتووە،بەڵام بەئاقارێکیترو فاشیستانەتر.
حیزبەکەی ئەردۆغان کە ئیسلامیان بەبنەما گرتووە،دەیانەوێ لەژێر پەردەی هاوئاین وبرایەتیەوە وەکو عوسمانیەکان درێژە بەهەمان سیاسەت بدەن.حکومەت وحیزبە عیلمانیەکانی پێشوو،بەئاشکرا وبێپەردە دژایەتی کوردو کەمینەکانیتریان کردووە،بەڵام ئەردۆغان وحیزبەکەی بەناوی ئاینەوە،دەیانەوێ هەمان سیناریۆی عوسمانیەکان دووبارەبکەنەوە.لە ئێستادا دەنگۆی زیادبوونی لایەنگری A.K.P هەیە لەناوچە کورد نشینەکان ،بۆیە پێناچێت کورد لەو تەوقی وەهمی برایەتیە درۆزنەیە ی بەناوی ئیسلامەوە بەدرێژایی مێژوو مێشکیان پێ جەڕاندووە بەئاسانی تێبگات.لەم سۆنگەیەوە سەیر نییە پێکهاتەی حیزبەکەی ئەردۆغان وکەسە نزیکەکانی بەشی زۆری کوردبن.
لەخشتە بردنی کورد بە ناوی ئیسلام وبرایەتیەوە بەدرێژایی مێژوویەکی زۆر گەورەترین فاکتەر بووە لە بەتاڵکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد.دیارە کاتی برەوی سۆسیالیزمیش چەپی تورك هەمان ڕۆڵی سیاسەتی ئیسلامیانەی تورکی گێڕاوە لەهەردوو باردا کورد بوون ببووە
عەیبە.بۆیە ئیسماعیل بێشکچی لە کتێبی کوردستان کۆلۆنیەکی نێو دەوڵەتیە دا باسی زیندانیەکی کورد دەکات،کە گۆرانی وتنی کوردی پێ جائیز نییە چونکە گوایە خۆی بەئەنتەرناسیۆنالیست زانیوە .بێشکچی داخ بۆ کورد هەڵدەکێشێ وتێدەگات چۆن کەسێتی کورد شێوێنراوە.دیارە ئەمجۆرە تێگەیشتنە چ لای ئیسلامیەکەی وچ لای چەپە تەقلیدیەکەی تورك لە خۆڕا نییەو خەباتی چەندین سەدەیە تا لەژێر ئەوناو و ناتۆرە یەدا کورد بەهەموو مانایەك بتوێنرێتەوە.
کاك سەردار ئەو ئەردۆغانەی تۆ هێندە بەچاونەترس ناوی دەبەیت ،ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئامادەنین نەخۆی ونەحیزبەکەی دان بە میللەتێکدا بنێن کە کوردە ئەوە کوردستان هەر باسی مەکە.تۆ باس لە گۆڕانکاری دەکەیت ،بەڵێ گۆڕانکاری ڕوویداوە لەسەر کاغەز بەڵام بەپێی چاودێرانی مافی مرۆڤ لە پراکتیکدا ئەوەی بەدی دەکرێ هیچ نییە .ئێستاش پیتەکانی W.Q.X قەدەغەن ،چونکە پێیان وایە ئەو پیتانە پیتە ئەبجەدیەکانی زمانی تورکی تێکدەدەن .ئێستاش ناوەکانی ڕوناهی وبێریڤان و وەڵات یاساغن گوایە ئەوانە ناوی (پ.ك.ك)ن.بۆ ئەم سیاسەتە سەقەتەیان تەنانەت وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیاشیان خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. کوردێکی تورکیا لە ئەڵمانیایا بۆی نییە ئەو ناوانە لە منداڵەکانی بنێت.ئەوە دیموکراتیەتەکەی وڵاتێکی ئەوروپیە نەخوازەی ئەوەی تورکیا .ئەوان سەرەڕای ئەو هەموو فشارە زۆرەی ئەوروپا نیوکاتژمێریان خێر بەرەوا بینیوە بۆ پەخشی کوردی،ئەویش زمانی کوردی نییە وەك تورکەکان دەڵێن بەڵکو (کرمانجی لەهجەسی)یە.ئێستاش ئەوان پێیان وایە لەهجەی کرمانجی لەهجەیەکە سەر بەزمانی تورکیە.لای ئەوان ئێستاش نەزمانێك هەیە ناوی زمانی کوردی بێت ،نەمیللەتێکیش هەیە ناوی کورد بێت،بەڵکو دەڵێن ئەو زمانە جیاوازانەی هاووڵاتیانی تورك قسەی پێدەکەن.پێدەچێت لەدرێژ ماوەدا گەر

کارەکان ئاوا بچنە پێشەوە بەرەنجامی باشیان دەبێت.بەڵام دەبێت خوێنەری کورد ئەوە باش بزانێت لای ئەردۆغان و یەکە یەکەی ئەندامانی حیزبەکەشی ،ئەو سنوورە دەستکردەی ولاتی تورکیایان لە قورئان لا پیرۆزترە.هەناسەیەکیش بۆنی سەربەخۆیی ودەوڵەتی کوردی لێبێت بە هەموو شێوەیەك دژایەتی دەکەن.مەگەر کارێك تەواو لە دەستیان دەرچێت.سەرباری هەموو ئەمانەش دەنگێکی کەم لەتورکیادا هەیە لەوە گەیشتون کە کورد جگە لەسەر ئێشە بۆ ئەوان شتێکیتر نییە ،بۆیە ئەو نوخبەیە پێیان وایە باواز لە کورد بهێنین چی دەکەن بابیکەن ،دەولەت دروست دەکەن ،جیادەبنەوە با یەخەیان لەیەخە بکرێتەوە باشترە.ئێمە پێویستیمان بەمجۆرە دەنگەیە، کە بەداخەوە دەنگێکی کزە . نەك ئەردۆغان ونموونەکانی وەك ئەو.ئەمەش بەو مانایە نییە واز لە پەیوەندی دیبلۆماسی بهێنرێت.بۆیە کاك سەردار نە ئەردۆغان ونە حیزبەکەی شایانی ئەوەنین بە شان وباڵیاندا هەڵبدرێت ونەهیچ ئازایەتیەکیشیان تێدایە.تۆش بەو کارەت پێبزانی یا نەزانی بەمەبەست یا بێمەبەست دەتەوی رووی ڕەشی فاشیزمی تورك لەبەر چاوی خوێنەری کورد کاڵ بکەیتەوە وئەم کارەش دەچێتە خانەی جۆرێك لە ڕیکلام کردنەوە .

2004- 11-2